کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-1-2007 0:46 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە ئەنجامی سەقەتی مەنهەج و پەیرەو پرۆگرامی خوێند باخان بووە قوربانی دەستی ئەو مەنهەجە ... رێژین ئیبراهیم

لە بەرواری 1/21 ئەم مانگەدا بەهۆی رووداوی تەباغەوە خوێندکارێکی دواناوەندی رزگاری نمونەی کچان سوتا، بەهۆی زۆری سوتاویەکەیەوە کە لە 93% لەشی سوتابوو بە و هۆیەوە گیانی لەدەست دا، باخان کە خوێندکارێکی دواناوەندییە لە خوێندنگەی دواناوەندی رزگاری نمونەی کچانە.



لە رۆژی 1/18 ئەم مانگە لەدواناوەندی رزگاری نمونەی کچان لەوانەی عەرەبی دا پارچەیەك كاغەزی پێدەگیرێت لەناو هۆڵی تاقی کردنەوەدا، پاشان مامۆستاکە لە هۆڵی تاقی کردنەوە دەریدەکات و پاشانیش قسەی ناشرینی ئاراستە دەکات، باخانیش دوای ئەوەی بەو حاڵەتە دەروونیەوە دەگەرێتەوە بۆ ماڵ و بە دنیایەك خەفەتەوە هەموو ساتەکانی ئەو کاتەی بەبیر دێتەوە کە کەمامۆستاکەی بەچی شێوەیەك لەناو خوێندکارەکاندا دەیشکێنی، پاشان کە دەگاتە ماڵەوە ئەو بەسەر هاتە بۆ کەس ناگێرێتەوە تەنها بۆ دەروونی خوشکی نەبێت بەسەر هاتەکەی بۆ باس دەکات، دوابەدوای ئەوەش دەچێت بۆ هۆڵی چێشت لێنان کە خواردن ئامادە بکات لەو کاتەدا دەچێتە بەردەم تەباغی ماڵەوەیان بێئاگا دەبێت لەوەی کە هەڵی کردووە و بەردەوام غازی لێدەروات، پاش ئەوی کە دەیەوێت بچێت نان درووست بکات یەکسەر شقارتەکە دەدەگیرسێنی و لەپر کڵپە دەکات

کاتێك کە ماڵەوە ئاگەداری باخان دەبن کە سوتاوە:

دەروونی خوشکی دەڵێت ئەو کاتەی کە باخانی خوشکم وویستی نانی نیوەرۆ ئامادەبکات لەو کاتەدا نەیزانی بوو کە غازەکەی هەڵکردووە بەڵکو ئەو یەکسەر شقارتەی هەڵکردو وویستبووی دایبگیرسێنی بەڵام ئەوەبوو ئەوەی بەسەر هات، پاشان دەروون لە سەر گێرانەوەی بەسەر هاتەکەی دووا " ئەو کاتە من و خوشکەکەم لە ژووری پێشەوە بووین نوێژمان دەکرد گوێمان لە هاواری باخانی خوشکم بوو " بە هاوار باخان رایکرد بۆئەوەی کەسێك بیکوژێنێتەوە بەڵام کەسی لێنەبوو وە ووتیشی " یەکسەر کە ئاگر بەر جەستەی کەوتبوو رایکرد بچێت بۆ حەمامەکە ئاوی سارد بکات بەخۆیدا بەڵام ئەو ئاوەی کە کردی بەخۆیدا ئاوی گەرم بوو " بۆیە ئەو ئاوەش ئەوەندەی تر لەشی سوتاند،

شایەتە حاڵەکانی رووداوەکە:

هاوڵاتیەکی نزیك لە ماڵی باخانەوە ئەوەی پێراگەیاندم کە ئەو کاتە باخان کە سوتایەکسەر هاواری کردووەو بەرەو دەرگای حەوشەکەیان هەنگاوی ناوە و ووتیشی " ئەوکاتە دراوسێکانیان بەهۆی هەریقی ناو سەیارەکەیانەوە توانیویانە ئاگرەکە خامۆش بکەنەوەو بتوانن بەفریای بکەون" هەروەها خوشکانی باخان ئەوەیان ووت کە گوایە باخان بەهۆی ئەوەی کە مامۆستا لێی داواو سەرزەنشتی کردووە بۆ یە هەر ئەوەش بوو هۆی ئەوەی کە باخان هۆشی لەسەر خۆی نەمێنێت و نەتوانێت سەیتەریە بەسەر خۆیدا بکات "

رووداوەکە لە زمانی پۆلیسی فریاکەوتنی رزگاریەوە:

پاش ئەوەی ئەو رووداوە رووی یەکسەر تیمەکانی پۆلیسی فریاکەوتن گەیشتنە سەر ماڵی باخان، بەرێز تەهای سەید علی بەرێوەبەر کەرتی پۆلیسی رزگاری لە لێدوانێکیدا رایگەیاند" ئەو هەواڵانەی کە دەڵێن گوایە باخان غازی پیاتەقیووە لە تەحقیقدا دەرکەوتووە کە باخان غازی پیانەتەقیوە بەڵکو غاز گری گرتووە "سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەو ئیفادەی کە پێش ئەوەی باخان گیان لەدەست بدات چی تبوو



ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

ووتی " باخان پێش ئەوەی کە گیانی لەدەست بدات ئەو قسەیەی ووت لە و ئیفادەی کە ئێمە لیمانوەرگرت ووتی من تەنهاسکالآم لەسەر ئەو مامۆستا نازەنینە هیە چونکە قسەی زۆر ناشرینی پێووتووم" هەروەها ووتیشی ئێمە ێستا لە لێکۆڵینەوەداین "

## باخان خەتابار نیە بەڵکو مامۆستاکە خەتابارە

دواتر لە پەیوەندیەکی کەسوکاری باخان کە نەیوویست ناوی ئاشکرا بکات پێی راگەیاندین کە باخان بەهیچ شیوەیەك لە هۆڵی تاقی کردنەوەدا نەیگرتوە بەڵکو باخان وویستوویەتی لەبەری بکات بەڵام پێش ئەوەی بچێتە ناو هۆڵە تاقی کردنەوەو لە بیری چووە داینی، ووتیشی " پێش ئەوەی کە پرسیار بدرێت بە خوێندکارەکان ئەو مامۆستایە گرتوویەتی " لەهەمان کاتیشدا دەروونی خوشکە ئەوە دەڵێت کە باخانی خوشکەئەو شەوەنەخۆش بووە نەیتوانیەوە سەعی زۆر بکات بەڵکو کەمیك سەعی کردووەئەوە رەنگە هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی کە ئەو دەرفەتی هەڵبژاردبێت " ماوەتەوە بلێین ئەمەش لە ئەنجامی سەقەتی مەنهەجو پەیرەو پرۆگرامی خوێند باخان بووە قوربانی دەستی ئەو مەنهەجە


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.